# کۆڕی بەڕێز / عەبدولڕەزاق عەلی

## بەروار / 2003/10/7

# ڕاپرسی و ئەو ڕیفراندۆمەی باس دەکرێ

بەرلـەوەی بێمـە سـەر باسی کرۆکی باسـەکە , کەڕاپرسی یـان گشتپرسی خـەڵکی کوردسـتانە , ئـەوەی بەناوی ڕیفراندۆمەوە تەرح دەکرێت حەز دەکەم کۆمـەڵێك خـاڵ وەکو بـەرایی یـان پێشـەکی باسـەکەم بخەمە ڕوو :-

1- سەرنـج و گفتوگۆکانم دەربارەی مەسەلەیەکە مەترەح کراوە دوورو نزیـك پەیوەنـدی بـە ململانێـی حزبییەوە نییە . بەو مانایە نا کە مـن حزبـی نـیم یـان دەمـەوێ تێـڕاونین و بۆچوونی حزبەکـەم بشارمەوە , نەء . بەڵکو گفتوگۆکانم گفتوگۆیـە لەگـەڵ پرۆژەیـەك و باسـو خواسێك کەمەترەحـەو لەلایەن کۆمەڵێك ڕۆشنبیرەوە ڕاگەیەنراوە . واتە گفتوگۆی من ؛ وەکو هاوڵاتیەکی ئەم وڵاتەیە کـە بەشێوەی خۆی رای متەوازعی خۆی لەسەر ئەم باساە هەیە .

2- ئـەزیش لەگـەڵ ئـەو برادەرانـەم ., بـەڵێ پـرس بەخـەڵك کـردن یـەك لـە رووخسارە هـەرە دیـار و گەشەکانی دیموکراسیە ، بۆیە گفتوگۆ و سەرەنجی من دەربارەی پرەنسیپی ریفرانـدۆم نییـە ، واتـا من وەکو هاووڵاتییەك راپرسی بە زەروورەتێکی ژیـانی سیاسـی کوردسـتان دەبیـنم ، کەواتـە قسـەی مـن لەسـەر ئـەو پرۆسیسـەیە کـە ئێسـتا جێـی گفتوگـۆی دەسـتەبژێری سیاسـی و رۆشـنبیریی و کوردسـتانە بـا بەتەسـکیش بێـت :- شـێوازی ، هەڵسوڕاوانی ، کـات و سـاتەوەختەکەی و چۆنێتی و مەبەسـتە پشـتەوەییەکانی ئـەو تەرحـە لـەم کاتـەدا و پرسـیاری سـەرەکی مـن : ئایـا ئـەم پرۆژەیـە دەمانگەیەنێتە ئامانجە پیرۆزەکەمان ، کە سەربەخۆیی کوردستانە ؟.

3- تا قسەو سەرنجەکانم بـە هەڵـەو ئـاوەژوو لێـك نەدرێنـەوە ، ناچـارم سـەرەتا بڵێـم :- وەکـو زۆربـەی هـەرە زۆری کـورد ، ئـەزیش هاووڵاتیـەکی سـەربەخۆیی خـوازم ، مـافی میللەتەکـەم تـەنیا لەسـەر بەخۆیی و دەوڵەتێکی دیموکراتی سـەربەخۆدا دەبیـنم و هـیچ ڕێـزێکم بـۆ عێـراق و جوگرافیاکـەی نییە ، نەخۆی و و نە ئالاو نەسنوور و نە ئەوەی پێی دەگوترێ یەکێتی خاکەکەی ، بەپیرۆز نـازانم ، بگرە بە پێچەوانەوە بە دەوڵەتێکی بە زۆر دروستکراوی دەزانم کە دەبـێ هەڵوەشـێتەوە ، ئەوەیـە سەربەخۆیی بەلای منەوە ئامانجی ئەوەڵ و ئەخیرە ، بەڵام ئەوە سات و کات و سەردەم و کەرەسـەو پێداویسـتی زاتـی و بابـەتی خـۆی هەیـە نـەك کۆمەلچـێك رسـتەی عـاتیفی و دروشمبـازی و هەڵپەهەڵپی دەنـگ کۆکردنـەوە . ئـا لـەم کاتەشـدا پێموایـە ئـەرکی رۆشـنبیرانی ئێمـە تـەیارکردنی خەڵکە کە سەربەخۆییان بوێ و چالاکانە کاری بۆ بکەن ، هەرچی لەم ئامانجەشیان دوور بخاتـەوە ، جا بەهەر مەبەستێك بێت ، ئاشکرای بکەن .

4- لەو باوەڕەدام هەرچی خەبات و شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کورد و کوردستان هەبووەو هەیە ، بۆ سەربەخۆیی بووە ، با لەژێر دروشم و قۆناغبەندی جیاوازیشدا بەرپاکرابن ، زەرەیەك گومانیشم نییە کە ئەو پرۆسیسەی ئێستا سەرکردایەتی کورد بەڕێوەی دەبات ،. هەر بۆ ئەو ئامانجە بەرزەیە ، کە سەربەخۆیی کوردستانە .

## راپرسی یان ریفراندۆم چییە ؟

من سەرتان بەوە نایەشێنم پێناسەی ریفراندۆمتان بۆ بکەم ، هێندە نەبێت ، بڵێم : ریفراندۆم یان راپرسی پرۆسێسێکی سیاسییە کە تێیدا دەسەڵاتێکی سیاسی لە رێگای دامەزراوە فەرمیەکانی خۆیەوە پەنای بۆ دەبات بۆ یەکلاکردنەوەی بڕیارێك یان بۆ بەدەستهێنانی رای خەڵك لە پشتیوانی بڕیارێکی چارەنووسسازدا یان هەر مەسەلەیەکی دیکە کە پەیوەندی بە ژیان و چارەنووسی خەڵکەوە هەبێت .

کە دەڵێم پرۆسێسێکی سیاسییە ، واتە کۆمەڵێك داوم دەزگای سیاسی ئەنجامی دەدەن و ئاکامی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیان هەیە ، دەرکیش نابەم لە مێژووی سیاسی میللەتاندا ریفراندۆم یان راپرسی خەڵك کرابێت لەلایەن داوودەزگایەکی سیاسییەوە نەبێت ، ئەمەش دەمانگەیەنێتە یەك خاڵی گرنگ ، ئەویش سیفەتی ئیلزامی ئەنجامی ریفراندۆمە ، یانی رێك نەکەوتووە هیچ داوودەزگاو حکومەتێك راپرسییەکی خەڵکی کردبێت کە دواتر ئیلتزامی پێوە نەکردبێت ، مەگەر داگیرکەرێك یان دیکتاتۆرێکی وەك سەدام ، ئەوانەش مەگەر بەدەگمەن پرس بەخەڵك بکەن و پرسیش بکەن ، کورد گوتەنی : پرسە گورگانەیە . بەمانایەکی تر ، کەس ناتوانێ سبەی راپرسیەك لە کوردستاندا بکات و ئیلتزام بە ئەنجامەکەیەوە نەکات ، جا راپرسی یا حکومەت خۆی دەستپێشخەر دەبێت یان خەڵك و رای گشتیی لە مەسەلەیەکی دیاری کراودا فشاری بۆ دەبەن تا پرسیان پێ بکات ، واتە راپرسی خەڵك ، بەشداری پێکردنیانە لە بڕیارێکی سیاسی یان ئابووری یان هەر بڕیارێکی چارەنووسساز کە راستەوخۆ پەیوەندی بەچارەنووس و ژیانی خەڵکەوە هەیە و حکومەت نایەوێ بەتەنیا ئەو بەرپرسیارێتیە هەڵگرێ ، واتی حکومەت نایەوێ بەتەنیا ئەو بەرپرسیارێتیە هەڵگرێ ، واتە راپرسی یان ریفراندۆم ئیمزا کۆکردنەوە نییە ، ریفراندۆم تەیارکردنی خەڵك نییە تا رێپێوان و خۆپیشاندانی فراوان ساز بدەن و ناڕەزایی دەستە جەمعی دەربڕن .

هەربۆیە راپرسی یان گشتپرسی ،. پرۆسێسێکی سیاسی دیموکراسیە ، نەك چالاکییەکی رۆشنبیریی تا دەزگایەکی رۆشنبیریی یان کۆمەڵە رۆشنبیرێك ئەنجامی بدەن و سەرپەرشتی بکەن .

ئەمە ئەگەر مەبەستەکەی بەراستی راپرسی خەڵکە ، خۆ ئەگەر هەر شیعر و شانامەو دروشمبازی و عاتیفە دەربڕینە ، ئەوە میللەتی ئێمە ویستی تەنیا لە سەربەخۆییدا دەبینێ ، کە بەڕای من ئەم پرۆژەیە بۆ ئەو ویسە نییە ، بەڵکو بە لاڕێدابردنیەتی ، بۆیە میللەتەکەمان گوناحە زۆرمان دروشم بۆ خوێندەوە با لەم قۆناغە هەرە هەستیارو مێژووییەدا ، چەواشەی نەکەین .

## سەرنج وتێبینییەکان

1- ناوی ریفراندۆم بۆچی ؟

بە بۆچوونی من ئیشکالیەتەکە هەر لە وشەی ( ریفراندۆم ) ەوە دەست پێدەکات ، تا ئەو شوێنەی دەستم گەیشتبێ لە دەیان هاووڵاتی بێسەواد و سادەم پرسیووە ، ریفراندۆم یانی چی ؟ بە ئەمانەتەوە تاکە یەك هاووڵاتیش پەی پێنەبرد . بۆیە وای بۆ دەچم پێچەبەدەورەی ئەم پرۆژەیە لەو وشەی ( ریفراندۆم ) ەوە دەست پێدەکات ، واتا خستنەسەر زار و هەڵلا نانەوە بۆ مەسەلەیەکە کە خەڵکی کوردستان ( دەستە بژێری سیاسی و رۆشنبیری لێ دەرچێ ) نازانن مانای وشەکە چییە ، تا قبوڵیان بێ یان نا .

2- ئەوەی ئەم نامیلکەیە بخوێنێتەوە یەکەمین سەرنج کە لای دروست دەبێت ، نامیلکەیەکی پەخشان ئامێزەو وادەزانێ مانفێستی رێبازێکی نوێی ئەدەبییە ، نەك بابەتێك کە باس لە مەسەلەیەکی سیاسی و چارەنووسسازی وەکو راپرسی ( ریفراندۆم ) بکات .

3- لۆژیکی پرۆژەکە وەك لەو نامیلکەیەدا هاتووە ، بۆ خۆی لەسەر یەك پێ وەستاوە ، ئەویش ێ متمانەیە بەسەرکردایەتی سیاسی کە حاڵی حازر سەرگەرمی پرۆسەیەکی سیاسیەو لە دووڕیانێکدایە کە پێویستی بەمتمانەی هەمووان هەیە .

( ئێمە لێرەدا دەمانەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەم قۆناغە ئەوەندە هەستیارەو ئەرکەکان ئەوەندە هەمەلایەن و گرانن کە بەهێز و توانای بکەری سیاسیی کورد جڵەوو دەستەبەر ناکرێن ......ل 15 ) .

4- پرۆژەکە تێکەڵ و پێکەڵیەکی تێدایە ، کە لەگەڵ یەکەمین خوێندنەوەیدا بەوردی ، مرۆڤ ئامانجی پرۆسەکەی لێ ون دەبێ و نازانێ پرۆژەکە بۆ راپرسییە ، بۆ سەربەخۆییە ، بۆ فیدراڵیە ، یان بۆ ئیدیعای سیاسییە کە پێموایە ئەمەی دواییان راستەکەیە ، نموونەش : دیقەت لەم دوو ئامانجە دژ بەیەکەی بەرگی یەکەمی پرۆژەکە بدەن :

( ⋆ با لەڕێی ریفراندۆمەوە گەلی کورد چارەنووسی خۆی دیاری بکات ) .

( ⋆ جێگیرکردنی تایبەتمەندییەکانی میللەتی کورد لە دەستووری عێراقدا ) .

بۆیە دەپرسم ریفراندۆمەکە بۆ کامیانە ؟ .

5- پێدەچێ و بە دارشتنی پرۆژەکەوە دیارە ئەو بەرێزانەی ئەم پرۆژەیان تەرح کردووە ، وا دەزانن کورد هیچ خەتەرێکی لەسەر نەماوە ، کوردستانیش لەمەریخەو دوور و نزیك پەیوەندی بەم دنیایەوە نییە ، نازانن کە ئەوە پرۆژەیەکی سیاسی گەورەیەو ، دەبێت پیچش هەر شتێك ، پشتیوانی دەرەوەی بۆ مسۆگەر بکەین ، هەربۆیە نموونە لە شوێنێکی ئەم پرۆژەیەدا هاتووەو دەڵێ :-

کاتی ئەوە هاتووە لەو بارودۆخەی ناوچەیی و جیهانییەدا ، لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا ( هاوپەیمانان ، یەکێتی ئەوروپا و UN ) ریفراندۆمێك بەئازادی لە نێو کوردی هەموو عێراقدا ئەنجام بدرێت ) .

من دەپرسم ئایا بەلای ئەو بەڕێزانەوە بارودۆخی ناوچەی جیهانی هێندە لەبارو رەخساوەو رێگەکە گوڵرشێژە !؟ ئەرێ بەڕاست سیاسەت ئاوا دەکرێ و مەسەلە سیاسییەکان هەروا بەو رواڵەتییەوە شرۆڤە دەکرێن ! ؟ .

دیسان دەپرسم کام سەرپەرشتیی نێودەوڵەتی :

کام هاوپەیمامان و یەکێتی ئەوروپا و Un ! مەگەرئەوان راو بۆ چوونی ئەو لایەنانە ئاگادارنین ، با نەبێ بە مەسەلەی رێککەوتننامەی پاریس ، کە تا چەند ساڵێك هەر باس دەکرایەوە لە کاتێکدا هەموومان دەمانزانی کە لە بوون و ئامادەیی ئەمریکاداو لەودەمەی فڕۆکەکانی ئەمریکا کوردستانیان دەپاراست ، مەحاڵ بوو فەرەنسا بتوانێ رێککەوتننامەیەکی ئاشتیی بباتە سەر و سەرپەرشتی بکات لە کوردستاندا .

پاشان کێ لەگەڵ هاوپەیمانان و ئەوروپاو UN قسەبکات ؟

ئایا ئەو کۆمەڵە برادەرە بەنیازن هەر خۆیان وەفدێك دروست بکەن و بچنە لای شرۆیدەر وشیراك و بلێر و پەرلەمانی ئەوروپی و تەرحی بکەن ! ؟ .

بەتەمان خۆیان بچنە لای کوفی ئەنان و گفتوگۆی لەگەڵ بکەن ؟ کەوات دەبێ بگەرشێتەوە لای سەرکردایەتی سیاسی !! ئەی باشە ئەوان سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بنیادنەناوە ؟ .

7-وەکو لەناميلکەکەو رێکلام و بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکانی تایبەت بەم مەسەلەیەدا پیشان دەدرێ ، ئەو بەڕێزانە زۆر پێ لەسەر دووری ئەم پرۆژەیە لەهەر نیازو مەبەستێکی حزبی تەنانەت سیاسی دادەگرن !! ، بۆیە دەپرسم :-

یەکەم – ئەرێ خێرە لەو پێشەکییە مێژووییەی لەم ناميلکەیەدا هاتووە ئارا باسی مێژووی کورد دەکرێ ، کورد لە 1926 دوە هیچی نەکردووە تا 992 و هەڵبژراردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان ، حەز دەکەم یەك دەقە دیقەت بدەن ، پاشان حوکم بدەن .

( دوای ئەوە بەیەك رۆژ ، لە 6 /6 / 1926 دا کۆمەڵەی گەلان رێککەوتننامەی نێوان ئەوسێ دەوڵەتەی پەسەند کرد و ئەوجا بەتەواوی وبەڕەسمی ویلایەتی موسڵ جووتباقەی دەوڵەتی عێراق کرا . واتا پێش دروست بوونی عێراق بەپێنج ساڵ ویلایەتی موسڵی کوردی خرایە سەر عێراق ، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە بێ ویست و ئارەزووی جەماوەری کورد ، باشووری کوردستان خراوەتە سەر عێراق کەلە رووی یاسای نێودەوڵەتییەوە هیچ جۆرە شەرعییەتێکی نییە .

شایانی باسە لە میچژووی نوێ و هاوچەرخی کورددا ، واتا لەماوەی 500 ساڵدا ، هەر لە دروستبوونی هەردوو دەوڵەتی " عوسمانی و سەفەوی " یەوە ، لە سەدەی سازدەیەمەوە تا دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە 1992 دا ، ژمارەی " 21 " رێککەوتننامەی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەڕەسمی دژ بەکورد و کوردستان مۆر کراون ... تا دەگاتە کۆتایی ) .

من دەپرسم : ئایا مێژووی کورد و خەباتی رزگاریخوازیی کوردستان لەماوەی نێوان 1926 تا 1992 ، رووداو گولێکی وای تێدا نییە سەرنجی خودانی ئەم پرۆژەیەی راکێشابێت ؟! یا ئەم ماستە موویەکی تێدایە ! .

دووەم – لە نامیلکەکەدا باس لەوە دەکرێ کە ئەو بەڕێزانە چەند رۆشنبیرێکن لەشاری سلێمانییەوە ئەم بانگەوازە رادەگەیەنن ، لە کاتێکدا هەمووشیان هەستیاری ئەم مەسەلەیە ( بەداخەوە ) دەزانن ، ئاگاداریشن چۆن لێکدەدرێتەوەو چۆنیش دەکەوێتەوەو خزمەت بەچ مەبەستێك دەکات .

سێیەم – ئەو ماشێنە ئیعلامییە بەربلاوەی خراوەتە خزمەت پرۆژەکەوە ، بەلگەیەکی زیندووی دووری ئەم پرۆژەیەیە لە پرۆژەی کۆمەڵە رۆشنبیرێکی سەربەخۆو بێلایەن .

چوارەم – لە هەموویان ناحزبیتر ئەو بنکەو شوێنانەن کە نامیلکە داوا دەکات ئیمزاکاران ، لیستی ئیمزاکانیانی بۆ بنێرن ، من ناوەکانتان بۆ دەنووسمەوە ، ئێوە خۆتان دیقەتی بدەن و حوکم بدەن .

دەزگای سەردەم – سەنتەری گەنجان لەبەختیاری – تەلەڤزیۆنی خاك – سەنتەری راگەیاندنی ژنان لەگەڕەکی شۆڕش . هەر بۆ نموونە لەشوێنێکی پرۆژەکەدا داواکراوە کە ئەگەر ژمارەی لیستی ئیمزاکان گەیشتە 500 کەس ئەو کات رادەستی ئەو شوێنانە بکرێت ، کەچی ژمارەی ئیمزاکارانی هەولێر 50 ی تێنەپەڕاند هەڵلایەکی ئیعلامی سەرنجڕاکێشی لێکەوتەوە !!

پێنجەم – خۆ ئەگەر بویستری بکرێتە پرۆژەیەك و بدرێتە پەرلەمانی کوردستان کە تاکە لایەنی شەرعی راگەیاندنی راپرسییە لە کوردستاندا ، ئەوا بەدە ئەندامی پەرلەمانی دەکرێ و ئەم هەڵلا ئیعلامییەی ناوێ .

شەشە- بابپرسین ، ئەگەر ریفراندۆممان کرد ئەی کەرکووك و خانەقین و شەنگارو ناوچە تازە ئازادکراوەکان چی بکەن ؟ بەشداریان ناکەین ، کەواتە خۆمان ئیمزای دەرچوونیان لە کوردستان دەکەین ، ئەگەر نا ، کێ زامنی بەشداریکردنیان دەدات ؟ لەکاتێکدا بێئەوەی هیچ رووی دابێت ، حاڵیحازر کێشەی زۆرمان لە کەرکووك و هەندێ ناوچەی دیکە هەیە .

حەوتەم – ئەگەرچی ئەو بەڕێزانە دەڵێن ئەم ریفراندۆمە پەیوەندی بەسیاسەتەوە نییە کە ئەوە بۆچوونێکی زۆر عەنتیکەیە ، بۆیە ناچارم داخیلی سیاسەت ببم و هەندێ شت بەپەلە باس بکەم ..

ئایا داواکردنی ریفراندۆم لەم کاتەدا کە بەزەروورەت یانی دەوڵەتی سەربەخۆ ( چونکە ئاکامەکان وەکو رۆژی رووناك دیارن ) ، ئەو دەوڵەتە لەم کاتەدا کێ بەپێوە رایدەگرێ ، ئەی نابێ پشتیوانییەکی تۆکمەو خاوەن کاریگەریی نێودەوڵەتی بۆ پەیدا بکەین ؟ ، ئەگەر پشتیوانییەکی پێشوەختەمان بۆ مسۆگەر نەکرد ، ئایا ئەمە بانگەشەکردنی دووژمنانی کورد نییە تا یەك بگرنەوەو لە کورد بەربن .

هەشتەم – جیالەوەی کە ئێستا یەکدەنگیەك بەرامبەر پرۆژەیەکی سیاسیی هەیە و خەڵك ، یان لانی کەم هێزە سیاسییە سەرەکییەکان دەربارەی کۆکن و لای ئەمریکاو زۆربەی هێزە عێراقییەکانیش قبووڵە ، بۆچی و بەچ مەبەستێك لەم کاتەدا ئەم یەکدەنگیە سیاسیەی بەڕووی دەرەوەدا هەمانە کە لە مێژووی ئێمەدا دەگمەنە ، تێك دەدرێت ؟

نۆیەم – لە دڵەوە خۆزگەم دەخواست ئیمزاکانی خەڵك و قسە پێکردن و بەشداریپێکردنی کۆمەڵێك رۆشنبیریی کوردستان کە گومان لە دڵسۆزی و نیازپاکی زۆربەی هەرە زۆریان ناکرێت ، بۆ مەبەستی

حزبی و کۆکردنەوەی دەنگ و موزایەداتی سیاسیی بەکار نەیەت ، بەلاَم داخەکەم وا دەرنەچوو ، هەمووانیش نموونە زیندووەکانیان لەبەر دەستە .

* * *

کەوابێت ئەگەر مەبەستیان بەشداری کردنی سیاسی خەلکە ، ئەگەر مەبەستیان دروست کردنی رای گشتی کوردستانە ، لە بەرژەوەندی و بۆ برشیاردانی چارەنووسی خۆی ، هەر ئێستا ئەرکی نووکەیی و بەپەلەی رۆشنبیرانی کوردستان ، کارکردنی چالاك و دەستە جەمعییە بۆ کۆمەلێك پرسی هەرە گرنگ ، کە بەرای من

ئەمانەن :-

1- تەیار کردنی هەرچی زووتری خەلکە بە دژی هێنانی سوپای تورك ، چونکە کە تورك هات نە ئەزموون دەمێنێ و نەریفراندۆم و نەهیچ شتێك ، هەمووانیش نیازەکانی تورك دەزانن .
2- پشتگیری سەرکردایەتی سیاسی بکەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەویش لەکاتی دارشتنی دەستوری عێراقدا لەسەر بنەمای یەکێتی ئارەززمەندانە کە بەروونی دیاری بکات کە ئێمە بەئارەزووی خۆمان لەم دەولەتەی عێراقدا دەبین ، کەواتە هەرکات ویستمان بەریفراندۆمێك جیا پشتگیریمان بکەن ، چونکە لەگەلّ یاسا نێودەولەتی و ئیلتیزامەکان بریاربەدەستانی دنیادا دێتەوە.
3- زەمینەسازی بۆ هەلبژاردنێکی گشتی لەکوردستاندا پێش تەواوبوونی دەستووری نوێی عێراق . تا حکومەتێکی یەکگرتوومان هەبێت ، پێش ئەوەی بەغدا ببێتەوە دەولەت و دەست بەدارشتنی دەستوور بکرێ ، ئەگەر خاوەنەکانی ئەم پرۆژەیە هەر پێیانوایە ئێستا راپرسی دەکرێت ، خۆ با هەلبژاردنێکی گشتیی بکەین .
4- تا ئەو هەلبژاردنە ناچارکردنی هەردوو ئیدارە لە رێی ئیعلام و رای خەلکەوە بە ئەنجامدانی چاکسازیی دیموکراسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی بەرفراوان و دیار نەك بە قسەی ئیدعاکردن .
5- فشارهێنان بۆ هەردوو ئیدارەکە زۆرترین و خێراترین سوود لەو پارەو بوودجە تەرخانکراوەی ئێستا لەبەردەستیانە ، وەرگرن ، لە بەرژەوەندی پرۆژەی ئابووری و ستراتیژی و نەهێشتنی بەتالّەو لاکردنەوە لە چینە هەژارەکانی خەلك .
6- ناچارکردنی سەرکردایەتیی سیاسی و پەرلەمان و هەردوو ئیدارەکەیکوردستان بە فراوانکردنی هەرچی زۆرتری مەودای ئازادییەکانی خەلك و میدیا لە کوردستانداو پەیرەوکردنی زۆرترین شەفافیەت و ئاشکرا گۆیی .
7- ریسواکردنی هەر دیاردەیەکی فەساد و گەندەلّی و فشارهێنان بۆ نەهێشتنی ئەم فەسادەی هەیەو قاچاچێتی هەراج کردنەی لە هەرچوار لاوە بلاّوە .
8- لەپێش هەموو ئەمانەوە ئامارێکی گشتی تا راست و چەپی خۆمان بزانین .
9- پیچداگۆتنی خەلك و رۆشنبیران بۆ بەرپاکردنی هەلّمەتێکی بەرچاوی نەهێشتنی نەخوێندەواری و گۆرینی مەنهەجەکان و پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا ، چونکە ئەوە یەکەمین خالّی بنەرەتی پرۆژەی هەستانەوەی نیشتمانییە .

10- هاندانی خەڵك بۆ خۆپیشاندان و فێربوونی داواکردنی مافی خۆیان و فشاربردن بۆ ئیدارەکان تا ئەو هەقە بسەلمێنن .

11- داوا بکەین پەرلەمانی کوردستان زیاتر خۆی تەفعیل بکات ، و سەرکردایەتی سیاسی لە هەموو هەنگاوەکانی پرۆسەی سیاسی ئاگاداری بکاتەوەو رای وەرگرێ و ئەوانیش خەڵکی لێ ئاگادار بکەنەوە .. . ئەمانەو دەیان ئەولەویەت کە بەڕای من پێش ئەو پرۆژە خەیاڵیی و ڕێکلامییەی بەناوی ریفراندۆمەوە تەرح کراوە ، دەکەون .

لەکۆتاییدا با هەمووومان پێکەوە کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەین ، با رای گشتیی کوردستان بەو ئاراستەیەدا بەرین نەك بە مەسەلەی ئینشا داڕشتن و دروشم بازی مەشغوڵیکەین .

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەو خوشك و برایانەی بەنیاز پاکی و لە ڕووی کوردێنی و دڵسۆزییەوە هاوبەشی ئەو پرۆژەیەن ، تەقدیرم بۆنیازپاکی ئەو بەڕێزانەش ئیمزایان بۆ کردووە ، بەکورتی دەڵێم : ئەو پرۆژەیە بۆ هەندێك ، هەڵمەتێکی هەڵبژاردنە ، لای نیازپاکەکانیش ، بزاوتێکی عاتیفیە و لە رووی سیاسیشەوە ، بەلاڕێدابردنی خەڵکە ، ونکردنی ڕێگای راستەقینەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتی کوردستانە ، بۆیە ناچارم بڵێم : پرۆژەو بزاوتەکە ، خولانەوەیە لە بازنەیەکی داخراوو قەڵەمبازرێکە لە هەوادا .